www.kurdistannet.org
25/06/2002 01:34

# وتاری سیاسی یەکگرتووی کوردی

## خەسرەو پیربالْ

وتاری سیاسی, وەکوو چەمکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چەمکێکی نوێیە بەستراوەتەوە بە دروستبوونی دەوڵەت و سەرهەڵدانی بیرو دروستبوونی فیکرەوە. ئەگەر بە بەراوردکردنێکی کتومت لەگەلْ ئەزموونی میللەتانی تردا, ئەوا دەبینرێت کە میللەتی کورد, هەموو پێداویستیە گرینگەکانی بۆ نەڕەخساوە بۆ ئەوەی بلێین, ئەمڕۆکە کورد خاوەنی وتارێکی سیاسی یەکگرتووە.

ئەمڕۆکە کوردستانی باشوور, بەرامبەر گەلێك ئەگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دایە, هەر لە بڕیاردەری سیاسی کوردەوە, تاوەکوو مامۆستایەك و کرێکارێکی کوردستانی و هاوڵاتیەکی ئاسایی, کەسیان نازانن کە بارودۆخی ناوچەکە بە تەواوی بەرەو کوێ دەڕوات, داخوا ئادگاری ناوچەکەو کوردستان چۆن دەبێت ؟ گرینگی خۆئامادەکردن و دروستکردنی ئەو فەزایەی دیالۆگ و نەخشەکێشانی لە لایان سەرجەم توێژەکانی میللەتەکەمان، وە بە تایبەتی چینە ڕۆشنبیرەکەمان, هاوشان و هاوکار لەگەلْ دەسەڵاتدا (دەسەڵاتی نیشتیمانی) دەبێت یەکتر تەواو بکەن.

دیارە واقیعی ئەمڕۆکە باشووری کوردستان، بە داخەوە, حالەتی دابەشبوونی دوو بەڕێوەبەرایەتی بەخۆوە دەبینێت, کە بەڕاستی جگە لەوەی کە دەردەسەریەکی گەورەی هەموو میللەتەکەمانە, بەڵکوو مایەی ساردی و دوودڵیشە, هەتا بۆ دۆست وبرادەرانی میللەتەکەمانن لە ئەورووپاو لە ئەمریکادا, ئەمەش جگە لەوەی کە حالەتێکی نێگەتیفەو دڵی دوژمنانمانی پێخۆشە.

دیارە هەر جۆرە ووتارێکی یەکگرتووی کوردی (فەرهەنگی–کۆمەڵایەتی) ، بەختی هێندە دروست و گەورە نابێت، ئەگەر پێشتر، یان هەر لە سەرەتاوە, ووتارێکی سیاسی یەکگرتوومان نەبێت, بۆ ئەمەش، یەکێك لە بنچینەکانی دروستبوونی ووتاری یەکگرتووی سیاسی کوردی, بە شێوەیەکی زۆر سادە, یەکگرتنەوەی مالْ و حاڵی کوردیە، تاوەکوو دەستەیەکی ڕامیاری بەڕێوەبەر لە ناو یەك حکومەتی یەکگرتووی کوردی و پەرلەمانێکی ئازادو یەکگرتوو و هەڵبژێردراوەوە سەرچاوە وەربگرنەوە, دەبێت, ئاشتی و تەبایی و دیالۆگێکی سەرتاسەری، بەلایانی کەمەوە زەمینەیەکی گوونجاوی بۆ بڕەخسێت.

ئەمڕۆکە هەموو لایانە سیاسیەکانی کوردو، هەروەها وڵاتانی تری ناوچەکە، بە گرینگیەوە دەڕواننە داهاتوو و گۆڕانکایەکانی پێشبینکراو لە ناوچەکە, کوردیش دەبێت پێشتر و پێش ئەوەی گۆڕنکاریە چارەنووسسازەکان بێنە ئاراوە, ئەمڕۆکە زیاتر لە هەر کاتێکی تردا، دەبێت بیر لە وتارێك و هەڵوێستێکی یەکگرتووی کوردی بکرێتەوە. .

دیارە وتاری یەکگرتوو کاتێك بڕیاری لەسەردەدرێت, دەبێت کوردەکان خۆیشیان, پێشتر یەکگرتوو بن, وەکوو یەك هێزی یەکگرتووی کاریگەر و یەك حکومەت و یەك بڕیار بێنە پێشەوە, خۆیان پێناسەکەن, نەوەکوو وەکوو ئەمڕۆکە ڕووخسارێکی لەتکراوو، هەبوونی دوو بەڕێوەبەرایەتی و زەقبوونەوەو چەسپانی ئەو حالەتە نائاساییەی کە لە ناوچەی سلێمانی دروست بووە پاش ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٦.

بەرپرسیاریەتی و ئەم ئەرك ومەسەلەیە تەنها بۆ سیاسەتمەدارانی كوردستان نیە, بەڵكوو ئەركی هەموو ڕۆڵەكانی كۆمەڵگای كوردیە, ئەركی نووسەرو ڕۆشنبیرانیشە, ئیتر لە قاوغی خۆیان بێنە دەرەوە و هەریەكێك بە شێوەیەك لە شێوەكان, هەر نەبێت هەوڵی, دیاركردنی ڕاستی

(ڕاستیەكان) بدەن, گەلێك جاران، لێرەو لەوێ، لە سەر گەلێك مەسەلەی چارەنووساز، گوێمان لێیان دەبێت, دەڵێن: ئەوە ئیشی ئێمە نیە.. . ئەو مەسەلەیە بۆ سیاسەتمەداران جێدەهێڵین, ئا بەم شێوەیە، مەسەلەكان بەردەوام دەبن پاشان, كاتێك ئەم هەڵوێستەیان، كاردانەوەی خراپی لێدەكەوێتەوە, یانیش مەسەلە گرینگەكانمان بۆ ماوەیەكی زۆر خامۆش و بێ ئەوەی پێشكەوتنی پێوەدیاربێت دەمێننەوە. , ئینجا ڕۆشنفكرانمان، بە وتارو، وەگەلێك جاران بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بە نووسین, نێگەتیفانە باس و گلەیی و گازیندەی خۆیان ڕادەگەیێنن

دیارە پێش ئەوەی باس لە وتارێكی یەكگرتوو بكرێتەوە, دەبێت هەوڵی ئەوە بدرێت, ماڵ وحاڵی كورد لە باشووری وڵات ڕێكخرێتەوە. هەموو لایەك دەزانن، كە ئەو حاڵەتە نا ئاساییەی ناوچەی سلێمانی, حاڵەتێكی كاتیە، هەر داموو دەزگایەكە دامەزراوە, لە ئەنجامی بارودۆخێكی ناهەمووارەوە درووستبوونە, نابێت لەوە زیاتر بچەسپێت و بەردەوام بن, مەبەستیش ئەوەیە، كە ئیتر كار بۆ یەكخستنەوەی ئەو هێزە سیاسیانەیە كە خۆیان لە ناوچەكە دەبیننەوە, ئیتر لاپەڕەیەكی سپی و نوێی تر بكرێتەوە، خۆیان سازدەن و بەرەو هەڵبژاردنێكی نوێ ترەوە بڕۆن, تەنهاو تەنها هەڵبژاردنێكی نوێی جەماوەری كوردستانی باشوورە، بڕیار لەسەر چارەنووسی وڵات دەدات.

نووسینەوەو پێداچوونەوەیەكی سەرتاسەری مێژووی نوێی شۆڕشی كورد لەم سەد ساڵەی ڕابردوو, حاڵیبوونی, سەرەتاكانی دووبەرەكی نێوان هێزە كوردیەكان, دەبێت دەستنیشان بكرێن,كە سەرچاوەكەیان دەگەڕێنەوە ساڵانی ١٩٦٣، ئیتر پەندو وانەیان لێوەربگیرێت, ئیتر كاتی ئەوە هاتووە، نەك هەر ڕۆشنبیران وسیاسەتمەدارانی كورد, بەڵكوو هەموو ئەندامێكی كۆمەڵگای كوردستان، ئەركی بیروڕادەربڕینیان و دەستخستنە سەر هۆكارەكانیان لەئەستۆ بگرن, ئیتر كاتی ئەوە هاتووە, كە ئیتر خەڵك بێنە قسە، جەماوەر بڕیار بداو و ڕاستیەكان باس بكرێن, من لێرەدا، هەموو كێشە و ئەو مەسەلانە باسناكەم، كە تێگەیشتن و بۆچوونی جیاوازیان لەسەرە لە لایان هێزە كوردیەكانی كوردستانی باشوور, ئەمە با ببێتە ئەركی خەڵكانی كوردستان و داموودەزگا دیموكراسیەكان و ئەركی ڕاگەیاندن بێت. .

.

ئەمڕۆكە لە گەلێك لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنی كوردستان, نێوەندە عیراقیەكان, باس لە بارودۆخی ئەمڕۆكەی ناوچەكە دەكەن, گەلێك ئەگەری جۆراوجۆر دەستنیشان دەكرێن, بەڵام بۆ میللەتی كورد لە كوردستانی باشووردا, یەكخستنەوەی ماڵی كورد و گەڕانەوەی سكرتێری گشتی یەكیێتی نیشتیمانی كوردستان, بەڕێز جەلال تاڵەبانی و هێزە كوردیە لایانگیرەكانی بۆ پایتەختی هەرێمی كوردستان و، گەڕانەوەیان بۆ چەتری دیموكراسی پەرلەمانی كوردستان, خۆسازكردن و هەنگاونان بەرەو هەڵبژاردنێكی نوێی تر, دەروازەیەكی نوێ و ئاسۆیەكی ڕۆشن بەرووی سەرجەم میللەتی كوردستان دەكەنەوە, ئەمەش باشترین وەڵام دەبێت بۆ ئەگەرەكانی داهاتووی ناوچەكەو كوردستاندا.

بە ڕێكخستنەوەی ماڵی كورد و گەڕانەوەی هێزە كوردیەكانی ناوچەی سلێمانی بۆ پایتەختی هەرێمی كوردستان و هەڵبژاردنێكی تری نوێ و كردنەوەیەی لاپەڕەیەكی نوێی‌تر, ئەو كاتە دەسەڵات و حكومەتی

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
25/06/2002 01:34

کوردستان وتارێکی پۆزەتیف و بە هێزی دەبێت بەرامبەر هێزە عێراقیەکان و هەروەها ڕووبەڕوو لەگەڵ دۆست و برادەرانی میللەتەکەمان لە دەرەوەدا. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش, ئەو ئەزموونەشمان دەبێتە ژێرخانێك و پاڵپشتێکی بەهێز, بۆ وڵاتانی دەوروبەرو بەشەکانی تری کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا. .

لەگەڵ هەموو ئەو کەموکوڕیانەی بەو حکومڕانیەی کوردانەوە دیارە, بەڵام یەکەمین جارە لە مێژووی میللەتی کورد, ئەزموونێکی هێندە دەوڵەمەندمان هەبێت, هەتا ئەو ئاستەی کە وەکوو نموونە, بۆ بەشەکانی تری کوردستاندا بشێت, بۆ بەڕێوەبەرایەتی و حکومڕانی کوردان بەکاربهێنرێت, ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەر دابەش بووە, کاتێك دەبیین, کە کورد لە کوردستانی باشووردا، بەو شێوەیە ژیانیان بەڕێوەدەچێت و هیچ مەترسیەکیان, بۆ حکومەتی ناوەندی نیە، ئەوکاتەش، ئەوانیش وەکوو نموونەیەك و مۆدێلێك سوود لە ئەزموونی کوردستانی عێراق وەردەگرن، بەچاوی مەترسی و گوومانەوە سەیری ئەزموونەکەمان ناکەن, ئیتر حکومڕانی کوردان نابێتە مەترسیەك بۆ وڵاتانی ترو ناوچەکە.

بە دروستبوونی متمانەوڕەوینەوەی گوومان و ترسی وڵاتانی دراوسیٚ، کە خاوەنی فەرهەنگی تایبەتی خۆیانن, کورد دەتوانێت, بە ڕێگای تێکەڵبوونێك و دیالۆگی فەرهەنگی و ئاڵووگۆڕی پۆزەتیف و بەرهەمهێنەر ببێتە ناوەندێك و سەرچاوەیەکی ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکەدا.

خەسرەو پیربالٚ
٢٠٠٢ /٦/٢٢
Pirbal@hotmail. com